# کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر ڕەفتاری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنە گشتیەکاندا (خوێندکارانی زانکۆکان بە نمونە)

**کاروان عەلی قادر**

بەشی پەیوەندییە گشتییەکان و بازاڕگەریی، کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕیی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** karwan.ali@spu.edu.iq

**پوختە:**

ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە، زانین و خستنەڕوی ئاستی کاریگەری پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیایە لەسەر ڕەفتارو بڕیاری خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەکاتی دەنگداندا لەهەڵبژاردنە گشتییەکاندا، چ بۆ بەشداریان لەدەنگداندا یان بۆ دەنگدان بەکاندیدێک یان لیستێکی دیاریکراوو زانینی ئاستی بەشدارییکردنیان و کارلێکیان لەگەڵ ئەو پەیامانەی تایبەت بەپرۆسەی هەڵبژاردنن و لەسەر ئەو پلاتفۆرمانە بڵاودەکرێنەوە. ئەم توێژینەوەیە لەچوارچێوەو فۆرمی توێژینەوەی کۆمیونیکەیشنی سیاسیەو بۆ کۆکردنەوەی داتا پشتی بەستووە بەمێتۆدی روپێویی لەڕێگەی بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسیی، کەبەشێوەیەکی ئەلیکترۆنیی بە (Google Form) دیزاین و جێبەجێکراوەو هەروەها بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنیش، لەڕێگەی ئیمەیل، مێسێنجەری فەیسبوک، ڤایبەرو هەروەها واتسئەپەوە نێردراوە بۆ مشتەیەک لەبەشداربوان کە خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانن و لەئەنجامدا ٣٤٤ بەشداربوو فۆرمەکانیان پڕکردۆتەوە لەماوەی هەفتەیەکدا (١٠ تا ١٦ی ئابی ٢٠٢١). ئەو ئەنجامانەش کەتوێژینەوە پێی گەیشتووە لەخشتەدا خراونەتەڕو و بەمێتۆدی وەسفیی شیکردنەوەیان بۆ کراوەو هەروەها لەڕێگەی سۆفتوێری ئاماریی (SPSS)ەوە پەیوەندیی نێوان دوو گۆڕاوی سەرەکی توێژینەوەکە دیاریکراوە.

دیارترین ئەو دەرئەنجامانەش کەتوێژینەوەکە پێی گەیشتووە، ئەوەیە کەبەشێکی بەرتوێژان بەڕێژەی نزیکەی (٢٧٪) دەکەونە ژێر کاریگەریی سۆشیال میدیا بۆ گۆڕینی بڕیارو ڕەفتاریان پەیوەست بەدەنگدان و هەروەها زۆرینەشیان بەڕێژەی نزیکەی (٥٥٪)ی بەشداربوان متمانەیان بەو بەڵێن و گفتانە نییە کە کاندیدو لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن دەیدەن لەڕێگەی سۆشیال میدیاوە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا. جگەلەوە، زۆرینەی بەشداربووانیش بەڕێژەی نزیکەی (٥٠٪) لەگەڵ ئەوەدا نین کەپەیامەکانی نێو سۆشیال میدیا تایبەت بەهەڵبژاردن، وایان لێبکات هەستبکەن ئەو هەڵبژاردنانە گۆڕانکاریی لەژیانیان دەکات بەرەو باشتر.

**کلیلە وشەکان:** سۆشیال میدیا، بەشداریی سیاسیی، دەنگدان، هەڵبژاردنی گشتیی، هەرێمی کوردستان.

## پێشەکی:

کاریگەری پلاتفۆرمەکانی تۆڕەکانی میدیای خەڵک، لەسەر کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبن و روونتریش دەردەکەون لەزۆربەی بوارەکانی ژیاندا. بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بۆتە بەشێکی ژیان و بەشێک لە پێداویستییەکانی خەڵک لەڕووی پەیوەندییکردن و بەدەستهێنانی زانیاری و گەیاندنی پەیام و گوزارشتەکانیان پشتی پێدەبەستن و هەندێ لەئیشوکارەکانیشی خێراترو ئاسانتر کردوون.

زۆربوونی ژمارەی بەکارهێنەرانی ئەو پلاتفۆرم و ماڵپەڕانەی سۆشیال میدیا، وایکردووە ببێتە ئامرازێکیش بۆ دیبەیتکردن لەبارەی ئەو کێشەو بابەتانەی کەپەیوەندییان بەخەڵکەوە هەیەو چارەنووسسازن، ئەمەش بەشداریی هاووڵاتیانی ئاسانترو خێراتر کردووەو کارلێکی زیاترکردووە(Segado-Boj and Diaz-Campo, 2020) . بواری سیاسەت، بە سیستمی حوکمڕانی و هەڵبژاردنەکانیشەوە، بابەتێکی زیندووی سەر پلاتفۆرم و ماڵپەڕەکانی سۆشیال میدیان، هاووڵاتیان لەڕێگەی ئەکاونتەکانیانەوە لەسەر ئەمجۆرە میدیایەی خەڵک بەشداریی سیاسیی دەکەن و قسە لەسەر کۆی پڕۆسەو سیستمی حوکمڕانیی دەکەن و هەڵسەنگاندن و پێشنیازو رەخنەو سەرنجەکانیان دەخەنەڕوو. هەر کاتێکیش هەڵبژاردنی گشتیی نزیک دەبێتەوە، بابەتە سیاسیەکان زیاترو گەرمتر دەبن و بەشداریی و کارلێکیی خەڵکیش فراوانتر دەبێت. لەلایەک کاندیدو لایەنە سیاسییەکان پەنا دەبەنە بەر سۆشیال میدیا بۆ خۆناساندن و ریکلامکردن و گەیاندنی پەیامەکانیان و بانگەشەکردن بەمەبەستی کاریگەریی دروستکردن لەسەر خەڵکەکە بۆ ئەوەی بەشداریی پڕۆسەی دەنگدان بکەن و دەنگ بەوان بدەن، لەبەرامبەریشدا هاووڵاتیانیش کارلێک و وەڵامیان هەیە بۆ ئەو پەیامانەی هەڵبژاردن، کە بەرکەوتنیان لەگەڵیاندا هەیە(Kasenally and Awatar, 2017).

سۆشیال میدیا، کە وەک چەمکێک بەکاردێت بۆ ئاماژەدان بەهەموو ئەو جۆرە میدیایانەی لەلایەن خەڵکەوە بەکاردێن و خەڵک تێیدا بەشدارێکی کارایە لەبەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی دەقی جۆراوجۆر، گۆڕاوی سەرەکیی توێژینەوەیەو کاریگەرییەکانی دەخرێنەڕوو لەسەر رەفتاری دەنگدەراندا. لەبنەڕەتدا سایت و پلاتفۆرمەکانی میدیای خەڵک بۆ پەخش و بڵاوکردنەوەی زانیاریی و دەقی میدیاییە (Froehlich, 2020). بەرامبەر بەم چەمکە لە زمانی عەرەبیدا وسائل التواصل الاجتماعی بەکاردێت و لەزمانی کوردیشدا تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردێت کە وەرگێڕدراوی عەرەبییەکەیە. لەڕاستیدا Social Media بەواتای میدیای خەڵک دێت و لەم توێژینەوەیەشدا هەر بەوجۆرە، وەک وەرگێڕدراوی چەمکە ئینگلیزییەکە، بەکاردێت. هەروەها بەشداریی سیاسی کەئاماژەیەکە بۆ ئەو چالاکییانەی ئەنجامدەدرێن لەلایەن جەماوەرەوە چ راستەوخۆ یان لەڕێگەی کاریگەریی دروستکردن لەسەر دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی سیاسەتدەکەن و بەرفراوانبوونی ئەوجۆرە بەشدارییە لەڕێگەی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیاوە، دەخرێتەڕوو و باسدەکرێن. بەشداریی سیاسی چەندین چالاکی دەگرێتەوە وەک دەنگدان لەهەڵبژاردنەکان، یارمەتیدان لەهەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن، بەخشینی پارە پێیان، کاندیدبوون، پەیوەندییکردن بەبەرپرسانەوە، پرۆتێستۆکردن، ئامادەکردن و ئاراستەکردنی یاداشتنامە لەسەر بابەتی جیاوازو هەروەها کارکردن لەگەڵ خەڵکانی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

تر لەسەر دۆسیەو کێشەکان، بەشداریی لەکاری ڕێکخراوەیی حزبی و سەندیکاو یەکێتیەکان و کاندیدکردن و تەنانەت بەشداریی لەپۆستە سیاسییەکانی حکومەت وەکو وەزیرو باڵیۆز (Uhlaner, 2015; Deth, 2016) ، ئەوەی لەم توێژینەوەدا مەبەستە لەبەشداریی سیاسیی، بەشدارییە لەهەڵبژاردنە گشتیەکاندا. هەڵبژاردنەکانیش کە پرۆسەیەکی فەرمیە بۆ دەستنیشانکردنی کەسێک یان چەند کەسێک بۆ پۆست و دامەزراوەی گشتیی، یاخود بۆ پەسەندکرن و ڕەتکردنەوەی پێشنیازێکی سیاسیی لەڕێگەی دەنگدانەوە (Eulau et al., 2020)، بەهەمان شێوە چەمکێکی سەرەکیی توێژینەوەیەو تاووتوێدەکرێت و لەگەڵیشیدا دەنگدان، کەبژاردەیەک، گوزارشتێک یان بۆچوونێکی فەرمییە لەلایەن تاکەکانەوە بەتایبەتی لەهەڵبژاردنەکانداو لەڕێگەی کارتی دەنگدان یان بەرزکردنەوەی دەستەوە دەدرێن، لەم توێژینەوەیەدا پەیوەست بەکارلێکی لەگەڵ سۆشیال میدیا ڕووندەکرێتەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ڕۆڵ و کاریگەریی ئەو پلاتفۆرمانەی سۆشیال میدیا لەبەشداریی سیاسیی و دەنگدان لەهەڵبژاردنە گشتییەکاندا بەتایبەتی لەکۆمەڵگەی کوردیدا، ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە دەکات لەکاریگەرییەکانی ئەو میدیایە لەسەر ڕەفتاری دەنگدان لای خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەکاتی هەڵبژاردنە گشتییەکان، بەمەبەستی زانینی ڕادەی ئەو کاریگەرییەو تێڕوانینیان لەسەر پەیامەکانی هەڵبژاردن و شێوازی کارلێک و کاردانەوەیان بۆ ئەو پەیامانە.

## ١- مێتۆدنامەی توێژینەوە

### ١-١ کێشەی توێژینەوە:

سۆشیال میدیا بۆتە یەکێک لەباوترین پلاتفۆرمەکانی ئاڵوگۆڕی زانیاری لەناو جەماوەری کوردستانداو بەتایبەتیش لەناو گەنجاندا. لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا گەنجان زیاتر لەڕێگەی سۆشیال میدیاوە بەئامانج دەگیرێن و خۆشیان بەڕێژەیەکی بەرچاو کارلێک لەگەڵ هەڵمەتەکەدا دەکەن. کاریگەریەکانی سۆشیال میدیا لەسەر گەنجان هێشتا توێژینەوە لەبارەیانەوە کەمەو ئەم پرسە تاڕادەیەک لەلایەن توێژەرانەوە پشتگوێخراوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێ پێداچوونەوە بەم پرسە بکات.

### ١-٢ سودو گرنگیی توێژینەوە:

لێکۆڵینەوە لەڕادەی کاریگەریی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی سۆشیال میدیا وەک سەرچاوەو کەناڵ، گرنگیی زۆری هەیە. ئەم توێژینەوەیەش کەئەنجامدراوە، بۆئەوەیە لەڕێگەی پێدانی زانین و زانیاریی پێویست، یارمەتیی هاووڵاتیان، کۆمەڵگەی مەدەنی و خاوەن بڕیارو سیاسەتوانانیش بدات لەهەرێمی کوردستان بۆ ئاشنابوون بەو کاریگەرییانەی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

سۆشیال میدیا هەیەتی لەسەر بڕیارو ڕەفتارمان لە بواری سیاسەت بەتایبەتیش لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکانداو هەروەها دیارییکردنی ئەو ڕێوشوێنانەی پێویستن بۆ مسۆگەرکردنی بەشداریی هەمووان لەو بابەتانەی دەبنە بەهێزکردنی بنەماکانی دیموکراسی لەهەرێمی کوردستاندا. هەروەها بەپێی گەڕان و بەدواداچوونەکانی توێژەریش، هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمیی هاوشێوە لەسەر کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا بەزمانی کوردی یان زمانی تر نەکراوە. بۆیە دەکرێ ئەم توێژینەوەیە ببێتە سەرچاوەیەک بۆ ئەکادیمیستانیش تا لەکاری ئایندەیاندا لەسەر ئەم بوارە سودی لێوەرگرن.

## ١-٣ پرسیارەکانی توێژینەوە:

توێژینەوەکە لەڕێگەی کۆکردنەوەی داتای کاری مەیدانی و لەسەر سەرچاوە ئەکادیمیە پەیوەندیدارەکانەوە، هەوڵدەدات وەڵامی کۆمەڵێک پرسیار بداتەوە کە گرنگترینیان بریتین لەوانەی خوارەوە:

١- تا چەند سۆشیال میدیا کاریگەریی لەسەر ڕەفتاریی خوێندکارانی زانکۆ دروستدەکات بۆ دەنگدان یان نەدان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا؟

٢- تا چەند خوێندکارانی زانکۆکان کاردانەوەو وەڵامیان هەیە بۆ ئەو پەیامانەی پەیوەندیدارن بەهەڵبژاردنەکان و لەڕێگەی سۆشیال میدیاوە دەیبینن و بەرکەوتنیان لەگەڵدا هەن؟

## ١-٤ ئامانجەکانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە، لەڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە وروژێندراون، دەیەوێت چەند ئامانج بەدییبهێنێت، کە بریتین لە:

١- زانین و دیارییکردنی ئاستی کاریگەریی پلاتفۆرمەکان و سایتەکانی تۆڕەکانی سۆشیال میدیا لەسەر ڕەفتارو بڕیاری خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەکاتی دەنگداندا لەهەڵبژاردنە گشتییەکان.

٢- خستنەڕووی ڕادەو شێوازی کاردانەوەو وەڵامی خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان بۆ ئەو پەیام و بابەتانەی تایبەتن بەهەڵبژاردنە گشتییەکانەوەو لەسۆشیال میدیا دەیبینن و دەیبیستن.

## ١-٥ گریمانەی توێژینەوە:

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، ئەم توێژینەوەیە لەسەر گریمانەیەکی سەرەکیی بنیاتنتراوە، کەبریتیە لەوەی سۆشیال میدیا پەیوەندیی هەیە بەڕەفتاری دەنگدان لای خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەهەڵبژاردنە گشتیەکاندا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

### ١-٦ ڕێبازو میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی روپێوی بەستوە کەدەچێتە چوارچێوەی ڕێبازی چەندێتی بە بەکارهێنانی فۆرمی ئەلیکترۆنی لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە ئامادەکراوەو بە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیاش دابەشکراوە بەسەر بەشداربووواندا.

### ١-٧ ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریی:

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە دوو ئامراز بەستووە بۆ کۆکردنەوەی داتای مەیدانیی لەسەرچاوەی یەکەمەوە. ئامرازی یەکەم بریتیە لە فۆرمی راپێویی یان راپرسی، کە بەشێوەیەکی ئۆنلاین بەبەکارهێنانی (Google Form) ئامادەکراوەو دابەشکراوە بەسەر بەشداربووانی سامپڵی توێژینەوە، کەخوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانن. لەئامادەکردنی فۆرمەکەش چەند پێوەرێک بەکارهاتوون بەپێی ئامانجی پرسیارەکان و پێوەری بژاردەکان بەجۆرێک دانراون تا بەوردیی رەفتارو نەریتی بەشداربووان تایبەت بەبابەتی توێژینەوەکە، بپێوێت.
ئامرازی دووەمیش بریتیە لە سەرنجدانی توێژەر بۆ بابەتی توێژینەوەو لایەنە پەیوەندیدارەکانی، بەوپێیەی توێژەر ئەزموونێکی لەبوارەکەدا هەیەو پسپۆریشی یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ناوەرۆکی توێژینەوە. ئەمە یارمەتییدەر بووە تا توێژەر بتوانێ لەڕێڕەوی توێژینەوەکەدا بەشێوەیەکی دروستتر کار لەسەر ئەو خاڵە پەیوەندیدارانە بکات کەخزمەت بەگەیشتن بەئەنجامەکان دەکات چ لەڕێگەی دانانی بڕگەو پرسیاری گونجاو بەبابەتەکەو هەروەها هەڵبژاردنی سەرچاوەی پەیوەندیدارو هەڵسەنگاندنی ئەو زانیارییانەش کەبەکاریهێناون لەتوێژینەوەکەدا.

### ١-٨ راستی و رادەی جێگیریی توێژینەوە:

بۆ دڵنیابوونەوە لەدروستیی و کارایی راپرسییەکەو گونجانی پرسیارو بڕگەکانی و شیاوییان لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەو بەمەبەستی گەیشتن بە راستیی توێژینەوە، بەجۆرێک ببێتە مایەی دەستکەوتنی ئەنجامی وردو راستەقینە، فۆرمی راپرسییەکە پێش دابەشکردن و ناردنی بۆ بەشداربووان، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی نێردرا بۆ چەند شارەزاییەکی زانستیی تایبەتمەند بەبوارەکە. دوای گەیشتنەوەی تێبینی و سەرنجەکان لەلایەن شارەزایانی هەڵسەنگێنەرەوە، پێداچوونەوە بە فۆرمی راپرسییەکەدا کراوەو گۆڕانکاریی و دەستکاریی کراوە. بۆ زانینی ڕێژەی راستیی فۆرمەکەش، توێژەر پشتی بەستوە بەهاوکێشەی هۆلۆستی، بەجۆرێک کەژمارەی بڕگەکان بریتیە لە ٢٧ بڕگەو ژمارەی پسپۆرانیش ٣ پسپۆر بوون. دوای جێبەجێکردنی هاوکێشەکە، ئەنجامی راستی توێژینەوەکە بریتیە لە (<u>٩٣,٨٢٪</u>) (بڕوانە خشتەی ژمارە ١):


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ڕادەی جێگیریی بۆ هەردوو گۆڕاوەکەی توێژینەوە کرا لەڕێگەی دەرکردنی بەهای کرداریی ئەلفا کرۆنباخ. ئەنجامەکان وەک لەخشتەی (١)دا خراوەتەڕوو، ئاستیان باش بوو کە ئەمەش دەریدەخات ڕادەی جێگریی توێژینەوەکە باشە.

خشتەی ١: ڕاستی توێژینەوەو داتای جێگیریی

| ژمارەی بڕگەکان | ژمارەی پسپۆران | ڕاستی توێژینەوە |
|---|---|---|
| ٢٧ | ٣ | ٩٣.٨٢٪ |
| گۆڕاوەکان | ژمارەی بڕگەکان | بەهای ئەلفا کرۆنباخ |
| سۆشیال میدیا | ٦ | ٠,٧٦٥ |
| رەفتاري دةنطدان | ٨ | ٠,٧٠٠ |

## ٩-١ کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە سامپڵی هەڕەمەکی سادە بەستووە بۆ ئەوەی هەموو خوێندکارێکی زانکۆ لەهەرێمی کوردستاندا، ئەوانەی کە یەکێک یان زیاتر لەپلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن، چانسی ئەوەی هەبێت ببێت بەسامپڵی توێژینەوەو ئەمەش ڕێگە دەدات بەگشتاندنی ئەنجامەکانی توێژینەوە بەسەر کۆی خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان. فۆرمی ڕاپێوییە ئەلیکترۆنییەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لەماوەی هەفتەیەکدا لە ١٠ تا ١٦ی ئابی ٢٠٢١، بەسەر خوێندکاراندا دابەشکراوە لە چەند زانکۆیەکی هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە)، بۆ ئەوەی ئەنجامی لایەنە پراکتیکیەکە سەرتاپاگیر بێت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان. بەمجۆرە، ژمارەی ئەوانەی وەڵامیان داوەتەوەو فۆرمەکەیان پڕکردۆتەوە گەیشتە ٣٤٤ خوێندکار لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

هەرچەندە مشتەی توێژینەوەکە، خوێندکارانی زانکۆکانە، حکومی و ناحکومی، لەگەڵ ئەوەشدا توێژەر ڕەچاوی جیاوازیی دیموگرافیی کردووە. وەک لەخشتەی ژمارە (٢)دا دەردەکەوێت، لەڕووی جێندەرییەوە، زۆربەی مشتەی توێژینەوە، مێینەن بەڕێژەی ٥٨.١٪و دووبارەبوونەوەی ٢٠٠ جار، لەکاتێکدا ڕێژەی نێرینە بریتیە لە ٤١.٩٪ بەدووبارەبوونەوەی ١٤٤ جار.

سەبارەت بەتەمەنی بەشداربووانیش، لەنێوان ١٨ بۆ ٣٦ ساڵدایەو لەو نێوەندەشدا، زۆرترین بەشداربوو بەڕێژەی ٢٣.٥٤٪و دووبارە بوونەوەی ٨١ جار تەمەنیان ٢٠ ساڵ بووەو دوای ئەوەش لەڕیزبەندیی دووەمدا ئەوانە دێن کەتەمەنیان ٢١ ساڵە بەڕێژەی ٢٠.٩٣٪و ٧٢ جار دووبارە بوونەوە. لەڕیزبەندیی سێیەمیشدا، ئەوانە دێن کەتەمەنیان ١٩ ساڵاندایە بەڕێژەی ١٦.٥٦٪و ٥٧ جار دووبارەبوونەوە. بەشێوەیەکی گشتیی، ئەو بەشداربووانەی توێژینەوەکە کەتەمەنیان لەنێوان ١٨ بۆ ٢٥ ساڵاندایە، ڕێژەی ٩٢.٧٣٪ی کۆی سامپڵەکە پێکدەهێنێت (بڕوانە خشتەی ژمارە ٢).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

**خشتەی ٢: جێندەرو تەمەنی بەشداربووان**

| جێندەر | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| نێر | ١٤٤ | ٪٤١.٩ |
| مێ | ٢٠٠ | ٪٥٨.١ |
| کۆ | ٣٤٤ | ٪١٠٠ |
| | | |
| تەمەن بەساڵ | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
| ١٨ | ١٥ | ٪٤.٣٦ |
| ١٩ | ٥٧ | ٪١٦.٥٦ |
| ٢٠ | ٨١ | ٪٢٣.٩٣ |
| ٢١ | ٧٢ | ٢٠.٩٣ |
| ٢٢ | ٣٣ | ٪٩.٥٩ |
| ٢٣ | ٣٣ | ٪٩.٥٩ |
| ٢٤ | ١٨ | ٪٥.٢٣ |
| ٢٥ | ١٠ | ٪٢.٩ |
| ٢٦ | ٨ | ٪٢.٣٢ |
| ٢٧ | ٤ | ٪١.١٦ |
| ٢٨ | ٢ | ٪٠.٥٨ |
| ٢٩ | ١ | ٪٠.٢٩ |
| ٣٠ | ٢ | ٪٠.٥٨ |
| ٣١ | ١ | ٠.٢٩ |
| ٣٢ | ١ | ٠.٢٩ |
| ٣٣ | - | - |
| ٣٤ | ٣ | ٪٠.٨٧ |
| ٣٥ | ٢ | ٠.٥٨ |
| ٣٦ | ١ | ٪٠.٢٩ |
| کۆ | ٣٤٤ | ٪١٠٠ |

## ١-١٠ سنوری توێژینەوە:

سنورەکانی ئەم توێژینەوەیە بەسەر چەند بوارێکدا دابەشبوون، بەمشێوەیەی لای خوارەوە:

بواری مرۆیی: سنوری ئەم توێژینەوە لەڕووی مرۆییەوە، خۆی لە خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەبینێتەوە کەژمارەیان ٣٤٤ کەسەو بەشدارییان کردووە لەوەڵامدانەوەی فۆرمی ڕاپێوییەکەدا.

بواری کات: ئەو ماوەیەی کە لایەنە مەیدانییەکەی توێژینەوەی تێدا ئەنجامدراوەو پرسیاری فۆرمی ڕاپێوییەکە لەلایەن بەرتوێژانەوە وەڵامدراونەتەوە، ئەویش بریتیە لە ١٠ تا ١٦ی ئابی ٢٠٢١و ماوەی هەفتەیەک بووە.

بواری شوێن: کارکردنە لەسەر ڕەفتاری دەنگدانی خوێندکارانی زانکۆکان لەهەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## ٢- سۆشیال میدیا ئامرازێک بۆ بەشداریی سیاسی و هەڵبژاردن

### ٢-١ سۆشیال میدیا، ئامرازێک بۆ بەشداریی سیاسی، هەڵبژاردن و بڕیاردان:

گەشەکردن و بەردەستبوونی ئینتەرنێت و بەرفراوانی بەکارهێنانی لەسەرتاسەری جیهاندا، هەلی زیاترو مەودای زۆر فراوانتری رەخساندوە بۆ بەشداریی زیاتری هاووڵاتیان لەبیروڕا دەربڕین و دەرخستنی هەڵوێستیان لەسەر زۆربەی ئەو بابەتانەی نێو کۆمەڵگە کەجێی بایەخی گشتین. پێشکەوتنی بەرچاوی تەکنەلۆجیای نوێی میدیا لەشێوەی مۆبایلی زیرەک، تابلێت و لاپتۆپ ئەوەندەی تر ئەو هەل و مەودایەی بەشداریی هاووڵاتیانی لەسەرجەم بوارەکاندا، بەتایبەتی لەبواری بەشداریی سیاسیدا فەراهەم کردووە (Kamiloglu and Erdogan, 2014) . بەپێی ئەم تێڕوانینەش، ئینتەرنێت وەک ئامرازێکی میدیایی نوێ بەبەراورد بەمیدیا جەماوەریەکانی تر، ئامرازێکی فەراهەمکەری زانیاریە کە لەهەمان کاتدا رێگە دەدات بە بەکارهێنەرانی دەستیان بگات بەسەرچاوەی زانیاریی هەمەجۆرو بیروبۆچوون و دیدی هەمەچەشن. ئەم زانیاری و بیروباوەڕە هەمەجۆرانەش، توانایەکی زیاتر دەبەخشن بەهاووڵاتیان و هۆشیاریان دەکات بەرامبەر بە کێشەو خەمە هاوبەشەکان ( Mutz, 2002; Kwak et. al., 2005; Bannet and Lyengar, 2008).

بەشێوەیەکی گشتی، ئینتەرنێت بەشداری سیاسی و مەدەنیی بەکارهێنەرانی ئاسان و خێراتر دەکات چونکە ئامرازو سەرچاوەیەکە بۆ گفتوگۆو دیبەیتی سیاسی لەنێوان بەشداربواندا. جیا لە کەناڵە کلاسیکیەکانی راگەیاندن، بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت دەکرێت بەشداربن لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی زانیاریدا لەڕێگەی کۆمێنت و ئەو پۆستانەی بڵاویدەکەنەوەو بەئاسانیش دەتوانن گفتوگۆ لەگەڵ بەکارهێنەرانی تری ئیتەرنێتدا بکەن. ئینتەرنێت تایبەتمەندیی ئەوەی هەیە کە ئازادەو خودبەڕێوەبەرە، کەئەمەش لەڕاستیدا نیشانەو جێپەنجەیەکی دیموکراسیی راستەقینەیە (Baran, 2010).

هەندێک لەشارەزایان، پلاتفۆرمەکانی سۆشیال وەک گوزارشتێک بۆ بەلیبراڵکردنی رۆحی ئینتەرنێت دەبینن و پێیانوایە ئامرازێکن توانا دەبەخشن بە هاووڵاتیان، هەلی ئابووریی زیاد دەکەن، ئازادیی رادەربڕین زیاد دەکەن، بیری ئازادیخوازانە بڵاودەکەنەوەو هەروەها پلاتفۆرمێکی کۆمیونیکەیشنی سەربار دەبەخشنە کەسانی دژە دەسەڵات (Schleffer and Miller, 2021). کۆمپانیاکانی سۆشیاڵ میدیا کاتێک دامەزران لەڕووی سیاسییەوە بێلایەن بوون، بەڵام هەندێکیان لەساڵانی رابردوودا دەستیانکردووە بەئاڵنگاریکردنی دەسەڵات و حکومەتەکان. بۆ نموونە، مارک زوکەربێرگ دامەزرێنەری فەیسبوک، باسی لە گۆڕینی ئەو ژێرخانە کۆمەڵایەتیە کۆنەی دەوڵەتی کردوە کەدژی لێشاوی زانین، بازرگانی و کۆچکردنن، بە کۆمەڵگەیەکی نوێی جیهانیی. زوکەربێرگ دەڵێت:"لەچەندین رووەوە، فەیسبوک زیاتر لە حکومەت دەچێت وەک لەکۆمپانیایەکی کلاسیکی". لەلایەکی ترەوە، ئێریک شمیدت کەماوەیەکی زۆر بەڕێوەبەرو سەرۆکی جێبەجێکاری گووگڵ بووەو هەروەها جارید کۆهین دامەزرێنەرو


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

بەڕێوەبەری جێبەجێکاری (Jigsaw)، کەیەکەیەکی سەربەخۆی نێو گووگڵەو تایبەتە بەبیرۆکەکانی گووگڵ، باس لەشوێنەواری گۆڕینی یاساکانی گەمەی ئینتەرنێت دەکەن بۆ سیاسەتمەداران. ئەوان پێشبینی دەکەن کە حکومەتەکان لەناکاو بێ ئەوەی ئامادەبن کۆنترۆڵ دەکرێن کاتێک ژمارەیەکی زۆر لەهاووڵاتیانیان، تەنها بەمۆبایلەکانیان، بەشداریدەکەن لەیاخیبوونە بچوکەکان بۆ ئاڵنگاریکردنی دەسەڵات (Schmidt and Cohen, 2010). پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا، ئەو توانایەیان هەیە کە دیموکراسی بەهێز بکەن لەڕێگەی گەیاندن و دەنگدانەوەی رای گشتی. سۆشیال میدیا دەتوانێت یارمەتیی زیادکردنی ئازادیی رادەربڕین بدات و دیدوتێڕوانینی سیاسیی خەڵکیش بگۆڕێت (Singer and Brooking, 2018, p. 86). بەکارهێنانی سۆشیال میدیا، کاریگەریی لەسەر دیدو تێڕوانینی بەکارهێنەرانی گەنج و هەروەها ئاوێتەبوونیان دروستدەکات، بەتایبەتیش چونکە بەرکەوتنیان دەبێ لەگەڵ چەندین دیدو تێڕوانینی ترو تێگەیشتنیان دیاریدەکات بەرامبەر بە پێشهاتە هەنووکەییەکان ( Merkley, 2020). بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی سەنتەری توێژینەوەی پیو (Pew Research Center) کەساڵی ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە، زۆرینەی بەکارهێنەرانی گەنج هەستیانکردووە سۆشیال میدیا وایکردووە بەرکەوتنیان هەبێت لەگەڵ خەڵکانێک کەخاوەن باکگراوندو تێڕوانینی جیاوازن و یارمەتیدەریش بوون بۆ پاڵپشتییکردنیان لەو بابەت و پێشهاتانەی گرنگن بۆیان (Pew Research Center, 2018).

جوانا سومەرز، کەرۆژنامەنووسێکی بەشی سیاسەتی کەناڵی CNN-ە، پێیوایە یەکێک لە مەزنترین شت کەلەهەمان کاتدا مەترسیدارترینیشە لەبارەی سۆشیال نێتوێرکینگ سایتەکانەوە، ئەوەیە کەهەموو کەسێک لەوێدا دەتوانێت قسەی خۆی هەبێت و دەشڵێت: سۆشیال میدیا وەک بازاڕێکی بیرۆکەکان وایەو تەنانەت زۆر لەو دەنگانەی راست و دروست نین یاخود مەیلێکی زۆر حزبیانەیان هەیە، زۆرجار دەبیسترێن (Ignant, 2016). رۆڵی بەرچاوو دیاری سۆشیال میدیا لەڕێکخستن و هەماهەنگیکردنی ناڕەزایەتیەکان و پێدانی دەنگێک بەئۆپۆزسیۆن لەوڵاتانی رژێمە ئۆتۆکراتیەکاندا (داپڵۆسێنەرەکان)، هیوایەکی زۆری بەخشیوە بە سۆشیال میدیاو ئینتەرنێت بەگشتی وەک تەکنەلۆجیایەکی ئازادکردن (Diamond & Plattner, 2010)، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا ئەو رژێمانە خۆشیان ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن لەبەرژەوەندیی خۆیان بۆ چاودێریکردن و پرۆپاگەندەکردن و دوورخستنەوەی سەرنجی دەنگدەرانیش لەکاندیدە سیاسیەکان (Zhuravskaya, 2020).

بە گوێرەی راپۆرتێکی (Joint Research Centre-JCR)ی سەر بەیەکێتیی ئەوروپا، کەلەلایەن کۆمەڵێک نوسەرەوە ئامادەکراوەو ساڵی ٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە، سۆشیال میدیا کاریگەریی لە رەفتارو رای سیاسی دەکات و گوشاریش دەخاتە سەر دامەزراوە دیموکراسیەکان (JCR Publications Repository, 2020). توێژینەوەیەکی رووپێویی کەلەسەر ١٧٨٣ لەبەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەچەند توێژێکی کۆمەڵگە لەسەر چوار بواردا ئەنجامدراوە، کە بریتین لەبواری بایەخی تەندروستی، دارایی، گەشتکردن (چ گەشتی تایبەت یان بۆ بزنس) و هەروەها فرۆشتن، دەرکەوتووە سۆشیال میدیا رۆڵێکی دیاری هەیە لەبڕیاردان لای بەشداربوان، بەتایبەتی کە خەڵک خۆی بەدوای



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ڕێنوێنی و ئامۆژگاریدا دەگەڕێن لەنێو سۆشیال میدیاو گەلێجار لەسەر بنەمای ئەو زانیاری و ئامۆژگاری و ڕێنوێنیانەی لەوێ بڵاودەبنەوە، بڕیارەکانمان دەدەین (Distaso and Mccorkindale, 2017).

لەبواری سیاسیشدا، سۆشیال میدیا بەهەمان شێوە کاریگەریی خۆی هەیە، جا چ بەشێوەیەکی نێگەتیڤ یان پۆزەتیڤ بێت (Douglas et al., 2015)، بەجۆرێک ئاوێتەبوونی کاراکتەرە سیاسی و پارتەکان دروستدەکات بەرەو ژینگەیەکی دیالۆگکردن و فرەلایەنەو هەروەها گۆڕانێکی گەورە لەئەزموونی هەڵمەتی هەڵبژاردندا دێنێتە ئارا. لەهەمان کاتیشدا دەبێتە مایەی خستنەڕووی بیرۆکەو بۆچوونە سیاسیەکان کەلەڕێگەی کاردانەوەی نێو سۆشیال میدیادا دروستدەبن (Rossinin and Leal, 2012). لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، کاراکتەرو لایەنە سیاسیەکان سۆشیال میدیا بەکاردێنن بۆ بەشداری پێکردن و ئاوێتەکردنی خەڵک لەپرۆسەی هەڵمەتی بانگەشەکردندا، جۆشدانی خەڵک و هەروەها بڵاوکردنەوەی زانیاری لەبارەی کاندیدەکان و پرۆگرامەکانیان (Aslan et al., 2021; Trippi, 2012).

## ٢-٢ کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر ڕەفتاری دەنگدان:

لەسەروەختی دەنگدانەکاندا، زۆرێک لەکاندیدان و لایەنگران و لایەنە سیاسیەکانیش پەنا دەبەنە بەر سۆشیال میدیا بۆ هاندانی خەڵک تا دەنگیان پێبدەن و بەشداری پرۆسەکە بکەن. لەکاتێکدا بەشێکی زۆری بەکارهێنانەکانی سۆشیال میدیا بۆ پاڵپشتیکردنی کاندیدی دیاریکراو بەکاردەهێنرێن، بەڵام لەهەمان کاتدا بەشێوەیەکی فراوانتریش بەکاردێت بۆ هاندان بۆ دەنگدان، لەڕێگەی پێشکەشکردنی ڕێگەو ئامرازی پێویست بۆ خۆتۆمارکردن و وەرگرتنی زانیاری پێویست بۆ شێوازو چۆنیەتی دەنگدان (Smith, 2020).

لەتوێژینەوەیەکی ئەکادیمیدا، کەلەلایەن چەند مامۆستایەکی زانکۆ لەهیندستان ئامادەکراوە لەژێر ناونیشانی کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر ڕەفتاری دەنگدان (Influence of social media on voting behavior)، کەلەسەر کۆمەڵگەی هیندستانی کراوە، باس لەوەدەکات بۆ یەکەمجار لەهیندستان، لەساڵی ٢٠١١، سۆشیال میدیا بۆ جولانەوەیەک بەکارهات کەناوی (هیندستان دژی گەندەڵیی) بوو، بەجۆرێک ئەو ڕێکخراوەی دژ بەگەندەڵی و لایەنگرەکانیان سۆشیال میدیایان بەکارهێنا بۆ خێرا بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر گەندەڵی و ڕێکخستنی چالاکیەکانی ناڕەزایی و پرۆتێستۆکردن. ئەو توێژینەوەیە کەپشتی بەستوە بە فۆرمی ڕاپێویی بەبەشداریی ١٢٠ کەس کەزۆربەیان خوێندکارن و تەمەنی هەموویان لەنێوان ١٨ بۆ ٣٠ ساڵاندایە لەچەند هەرێمێکی جیاوازی هیندستان، گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامێک دیارترینی ئەوەیە سۆشیال میدیا کاریگەریەکی گەورەی هەیە لەسەر ڕەفتاری دەنگدان لای دەنگدەرانی گەنج، بەتایبەتیش لەشارە گەورەکان. هەروەها سۆشیال میدیا پلاتفۆرمی پێویست دەستەبەر دەکەن بۆ خەڵک تا ئاگادارو لەپەیوەندیدا بن لەگەڵ ئەو کاندیدو پارتە سیاسیانەی لایان مەبەستە (Biswas et al., 2014, p.153).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ژمارەیەک توێژەر لەتوێژینەوەیەکیاندا لەژێر ناونیشانی کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر هەڵبژاردن: بەڵگەکان لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە ( The effect of social media on elections: Evidence from the United States)، کاریان لەسەر کاریگەریی سۆشیال میدیا بەتایبەتی پلاتفۆرمی تویتەر لەسەر دەرهاویشتەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا کردووەو گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی لەهەردوو هەڵبژاردنی ٢٠١٦و ٢٠٢٠ی سەرۆکایەتیی ئەمریکادا، تویتەر وەک پلاتفۆرمێکی سۆشیال میدیا کاریگەری هەبووە لەسەر کەمکردنەوەی پشکی دەنگەکانی کۆمارییەکان. توێژینەوەکە کە پشت دەبەستێت بە راپێویی و هەروەها شیکردنەوەی ناوەرۆکی چەندین ملیۆن پۆست (تویت)ی تویتەر، گەیشتۆتە ئەوەی کەدەقە میانڕەوەکانی ئەو پلاتفۆرمە قەناعەتی بەدەنگدەران کردووە بەبۆچوونی میانڕەوانە، تا دەنگ لە دژی دۆناڵد ترەمپ بدەن (Fujiwara et al., 2021, p.20).

توێژەر (Ibrahim, 2019) لەتوێژینەوەیەکەیدا بەناونیشانی کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر رەفتاری دەنگدەران لەهەڵبژارنی سەرۆکایەتیی ٢٠١٥ی ئیلۆرین-میترۆپۆلیس ( influence of social media on voters behavior in the 2015 presidential election in Ilorin-Metropolis)، گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کەفەیسبوک و تویتەر بەڕێژەیەکی بەرچاو (٨.٦٪) کاریگەری لەسەر رەفتاری دەنگدەران دروستدەکات و هەروەها سۆشیال میدیا لەکاتی هەڵبژارندا بۆ هێرشکردنە سەر رکابەرەکان و بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی ناڕاست و رق و کینەش بەکارهاتووەو بەهۆیەوە دواجار کاریگەری لەسەر بڕیاری دەنگدەر دروستکردووە (Ibrahim, 2019). توێژینەوەکە کە داتاکانی لەڕێگەی ئەنجامدانی راپێوییەکەوە کۆکردۆتەوە بۆ زانینی رادەی کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر بڕیاری دەنگدەران، بەو دەرئەنجامەش گەیشتووە کە هەموو پارتە سیاسیەکانی نایجیریا پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیایان بەکارهێناوە بۆ هەڵمەتەکانی بانگەشەکردن و بڵاوکردنەوەو ناردنی پەیام و پلانەکانیان بۆ لایەنگرانیان.

بەهەمان شێوە، (Heblich, 2016) لەتوێژینەوەکەیدا لەسەر کاریگەریی ئینتەرنێت لەسەر رەفتاری دەنگدەران لەژێر ناونیشانی (The effect of the internet on voting behavior)، بەو دەرئەنجامە گەیشتوە ئینتەرنێت و بەتایبەتیش سۆشیال میدیا شێوازی وەرگرتن و گەیشتنی دەنگدەرانی بە زانیاریی سیاسی گۆڕیوە. ئەم ئامرازە جەماوەرییە، کاریگەری دروستکردووە لەسەر رەفتاری دەنگدەران، بەتایبەتی چونکە سەرهەڵدانی سۆشیال میدیا پلاتفۆرمی نوێی بۆ بەشداریکردن و بڵاوکردنەوە رەخساندووەو لەڕێگەیەوە دەنگدەرانیش بەشێوەیەکی تایبەت و ستراتیژیانە کاریگەریان لەسەر دروستدەکرێت بەهۆی بەئامانج گرتنیان بەزانیاریی دیاریکراوەوە ( Heblich, 2016).

توێژینەوەی کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر رەفتاری دەنگدەرانی گەنجان لە باشوری رۆژهەڵاتی نایجیریا ( The influence of social media on the voting behavior of the youth in South East Nigeria) کە لەڕێگەی فۆرمی راپێوی و چاوپێکەوتن ئەنجامدراوە، گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە گەنجانی ناوچەکانی باشوری


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ڕۆژهەڵاتی نایجیریا زۆر چالاکن لەسەر سۆشیال میدیاو کاریگەریی پۆزەتیڤیشی هەیە لەسەر ڕەفتاری دەنگدانیان و لەسەر بەشداریشیان لەپرۆسەی هەڵبژاردندا بەجۆرێک کە گەنجان سۆشیال میدیایان بەکاردەهێنا بۆ دەستکەوتنی زانیاریش لەبارەی هەڵبژاردنەکان و هەروەها بۆ بەشداریکردن لەهەڵمەتەکانی بانگەشەکردن و چالاکییە سیاسیەکان (Ajibola, 2018). توێژینەوەی تریش لەسەر سۆشیال میدیاو ڕەفتاری دەنگدەران ئەنجامدراون، بۆ نمونە توێژینەوەیەک لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ساڵی ٢٠٠٨ی ئەمریکا گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن لەسەرتاپای نیشتمان ڕێکخراوێکی ئیفتیڕازیی (ئینتەرنێتی) دروستکرد کەهانی ٣.١ ملیۆن بەشداربوویدا بۆ دەنگدان و هەروەها بزووتنەوەیەکی میللی جولاند کەزیاتر لە ٥ ملیۆن خۆبەخشی لەخۆگرتبوو بۆ هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن. بەمجۆرە هەڵمەتی بانگەشەی باراک ئۆباما بەشێوازیک کاریکرد کەهوشیارکردنەوەی خەڵکی تێپەڕاند بەرەو کۆکردنەوەی پارەو پشتیوانیی دارایی بەمەبەستی جولانی بزووتنەوەی میللی و زیادکردنی بەشداریی سیاسی (Cogburn and MathildeVasquez 2011,pp.189-190).

## ٣- کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر ڕەفتاری دەنگدانی خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان

ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ خستنەڕوو و ڕاڤەکردنی ئەو ئەنجامانەی لەلایەنی مەیدانیی توێژینەوە کەفۆرمی ڕاپێوییە، کۆکراونەتەوە. ئەنجامەکانیش بەپێی تەوەری پرسیارەکانی توێژینەوە دابەشکراون. هەروەها لەڕێگەی سۆفتوێری (SPSS)ەوە پەیوەندیی نێوان هەردوو گۆڕاوەکەی توێژینەوەکە دەدۆزرێتەوە.

### ٣-١ تەوەری بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ

### ١- بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا لەلایەن بەشداربووانەوە

**خشتەی٣: بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لەلایەن بەشداربووانەوە**

| پلاتفۆرم | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| فەیسبوک | ٢٩٠ | ٪٨٤.٣ |
| تویتەر | ٦٦ | ٪١٩.٢ |
| ئینستاگرام | ٢٧٤ | ٪٧٩.٦ |
| سناپچات | ٢٥٤ | ٪٧٣.٨ |
| یوتیوب | ١٩٨ | ٪٥٧.٦ |
| لینکیدئین | ١٤ | ٪٤.١ |
| تیکتۆک | ٧٨ | ٪٢٢.٧ |
| هیتر | ٦٠ | ١٧.٤ |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

بەربڵاوترین پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا لەهەرێمی کوردستان لەناو خوێندکاران لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان فەیسبوکە. نەک هەر ئەم توێژینەوەیە، بەڵکو پێشتریش چەندین توێژینەوەی تر گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی فەیسبوک بەربڵاوترین پلاتفۆرمی تۆڕی میدیایی خەڵکە کەلەلایەن هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەکاردێت (کاروان علی و ئەوانیتر، ٢٠٢٠; Ahmad & Hameed, 2021 ; Kakashekh, et. al. 2021 ; گۆران و ریشاوی، ٢٠٢١).

لەم توێژینەوەیەشدا، بەپێی ئەنجامەکان هەرسێ پلاتفۆرمی تۆڕی میدیایی خەڵک وەک لەخشتەی ژمارە (٣) خراوەتەڕوو، فەیسبوک بەڕێژەی ٨٤.٣٪و دووبارەبوونەوەی ٢٩٠ جار، ئنستاگرام ڕێژەی ٧٩.٦٪و دووبارەبوونەوەی ٢٧٤ جارو هەروەها سناپچات بەڕێژەی ٧٣.٨٪و دووبارەبوونەوەی ٢٥٤، ریزبەندیی یەکەم و دووەم و سێیەمیان گرتووە لە زۆرترین بەکارهێنان لەلایەن بەشداربووانەوە.

## ٢ -ئامێری تەکنەلۆجیای نوێی میدیا بۆ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا

**خشتەی٤: بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا بۆ سۆشیال میدیا**

| ئامراز | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| مۆبایلی زیرەک | ٣٣٧ | ٩٨٪ |
| لاپتۆپ | ٨٤ | ٢٤.٤٪ |
| کۆمپیوتەری سەرمێز | ١٠ | ٢.٩٪ |
| تابلێت (ئایپادو جۆرەکانی تر) | ١٧ | ٤.٩٪ |

بەشداربووان، وەک لەخشتەی (٤) خراوەتەڕوو، بەڕێژەی ٩٨٪ بەدووباربوونەوەی ٣٣٧ جار، پەنا دەبەنە بەر مۆبایلی زیرەک بۆ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا وەک لەکۆمپیوتەرو لاپتۆپ و تابلێتەکان. جیاوازیەکە یەکجار گەورەیە، بەجۆرێک لەڕیزبەندیی دووەمدا بۆ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لاپتۆپ دێت بەڕێژەی ٢٤.٤٪و دووبارەبوونەوەی تەنها ٨٤ جار.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

### ٣- ماوەی سەیرکردن و بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لە شەووڕۆژێکدا

**خشتەی٥: ماوەی بەکارهێنان و سەیرکردنی سۆشیال میدیا لەڕۆژێکدا**

| ماوە | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| نزیکەی ٣٠ خولەک | ٧ | ٢٪ |
| نزیکەی ١ کاتژمێر | ٣٨ | ١١٪ |
| نزیکەی ٢ کاتژمێر | ٥٧ | ١٦.٦٪ |
| نزیکەی ٣ کاتژمێر | ٨٥ | ٢٤.٧٪ |
| ٤ کاتژمێرو زیاتر | ١٥٧ | ٤٥.٦٪ |
| کۆ | ٣٤٤ | ١٠٠٪ |

ڕێژەیەکی زۆر لە بەشداربووانی توێژینەوەکە، وەک لەخشتەی (٥) خراوەتەڕوو، چوار کاتژمێرو زیاتر لەشەوو ڕۆژێکدا بەسەر دەبەن لەبەکارهێنان و سەیرکردنی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا بەجۆرە جیاوازییەکانییەوە. ئەو پۆلێنە، لەڕیزبەندیی یەکەمدا هاتووە بەڕێژەی ٤٥.٦٪ی کۆی بەشداربووان بەدووبارەبوونەوەی ١٥٧ جار.

### ٣-٢ تەوەری سۆشیاڵ میدیاو هەڵبژاردنی گشتیی لای خوێندکارانی زانکۆ

### ١-بەشداریکردن لەهەڵبژاردنی داهاتوودا (دەنگدان)

**خشتەی٦: بەشدارییکردن لەهەڵبژاردنی داهاتوودا**

| | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٤٤ | ٤١.٩٪ |
| نەخێر | ١٠٣ | ٢٩.٩٪ |
| نازانم | ٩٧ | ٢٨.٢٪ |
| کۆ | ٣٤٤ | ١٠٠٪ |

سەبارەت بە نیازی بەشداربوون یان نەبوون لەهەڵبژاردنی داهاتوودا، ڕاستە ڕێژەی زۆرینە، ٤١.٩٪ دەڵێن بەڵێ بەشداریدەکەن لەدەنگداندا، بەڵام ئەوانەی کە دەڵێن بەشداریی ناکەین (ڕێژەی ٢٩.٩٪)و ئەوانەش کە دوودڵن و هێشتا بڕیاریان نەداوە (ڕێژەی ٢٨.٢٪)، بەهەردووکیان، زۆرینە پێکدەهێنن (بڕوانە خشتەی ٦).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## ٢- هۆکارەکانی بەشدارینەکردن لە دەنگدان:

**خشتەی٧: هۆکارەکانی بەشدارینەکردن لەدەنگداندا**

| | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| پرۆگرامی کاندیدو لایەنە بەشداربووەکانم بە دڵ نییە | ٧٤ | ٪٢٥.١ |
| متمانەم بە بەڵێن و گفتی کاندیدو لایەنە بەشداربوەکان نییە | ١٨٠ | ٪٦١ |
| ئەنجامی هەڵبژاردن هەرچییەک بێ هیچ لە ژیانم ناگۆڕێ | ١٤٥ | ٪٤٩.٢ |
| دەنگدانم سودی نییە چونکە ساختەکاریی دەکرێت لە هەڵبژاردن | ١٥٥ | ٪٥٢.٥ |
| کاندیدەکانی هەڵبژاردن بەگشتیی کەسانی شیاو نین | ٩٥ | ٪٣٢.٢ |
| بڕوام بە پرۆسەی هەڵبژاردن نییە | ١١٧ | ٪٣٩.٧ |
| چاوەڕوانیی لەڕیزی دەنگدان بێزارم دەکات | ١٦ | ٪٥.٤ |
| نازانم شوێنی بنکەی دەنگدانم لە کوێیە | ٧ | ٪٢.٤ |
| کات و وزەی خۆم بەفیرۆ نادەم بۆ دەنگدان | ٥١ | ٪١٧.٣ |
| ناوی خۆم تۆمارنەکردووە لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن | ٤٠ | ٪١٣.٦ |
| کۆ | | ٪١٠٠ |

لەم بڕگەیەدا بەشداربوو بۆی هەبوو زیاتر لەبژاردەیەک هەڵبژێرێت و دەرکەوت دیارترین هۆکار کەوادەکات بەشدارینەکەن لەدەنگداندا، بریتیە لەنەبوونی متمانە، چ بەبەڵێنی کاندیدو لایەنە سیاسیەکان یاخود بەخودی پرۆسەکە. لەو نێوەندەدا، سەرەکیترین هۆکار لەلای خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان لەحاڵەتێکدا ئەگەر دەنگنەدەن، ئەوەیە متمانەیان بەو بەڵێن و گفتانە نیە کە کاندیدو لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەکان دەیدەن لەکاتی هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردندا. ئەم هۆکارە لەپلەی یەکدا هاتووە بەڕێژەی ٦١٪و ١٨٠ جار دووبارەبوونەوە. هۆکارێکی تر ئەوەیە خوێندکاران پێیانوایە دەنگدانیان سودی نییەو گۆڕانکاریی لەئەنجامی هەڵبژاردندا ناکات چونکە ساختەکاریی لەپرۆسەکەدا دەکرێت. ئەمەیان ڕێژەی ٥٢.٥٪ بەدووبارەبوونەوەی ١٥٥ جار، پلەی دووەمی ریزبەندییەکەی گرتووە. هۆکارێکی تر، کە پلەی سێیەمی ریزبەندییەکەی گرتووە بەڕێژەی ٤٩.٢٪و ١٤٥ دووبارەبوونەوە، ئەوەیە بەشداربووان پێیانوایە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە هەرچیەک بێت و کێ سەرکەوێت، بەلای ئەوانەوە گرنگ نیە چونکە هیچ لەژیانیان ناگۆڕێت (بڕوانە خشتەی ژمارە ٧).

٣- وەک لەبڕگەی ٣ لەخشتەی ژمارە (٨)دا دەردەکەوێت، زۆرینەی بەشداربووانی توێژینەوەکە بەڕێژەی نزیکەی ٣٨٪و دووبارەبوونەوەی ١٣١ جار، وەڵامی بێلایەنیان هەڵبژاردووە سەبارەت بەو بۆچوونەی کەدەڵێت ئەو زانیاریانەی لەسۆشیال میدیا بەرچاوی بەشداربووان دەکەون، کاریگەریی لەسەر بڕیاریان دروستدەکەن بۆ دەنگدان یان نەدان لەهەڵبژاردنە گشتیەکاندا، لەکاتێکدا ئەوانەی لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نین یاخود هیچ لەگەڵیدا نین، بەپلەی دووەم دێت بەرێژەی نزیکەی ٣٥.١٪.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## خشتەی٨: کەمپەین و زانیارییەکانی هەڵبژاردن لەسۆشیال میدیا

| | | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | بێلایەنم | | لەگەڵیدانیم | | هیچ لەگەڵیدانیم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دوبارە | ڕێژە٪ | دوبارە | ڕێژە ٪ | دوبارە | ڕێژە ٪ | دوبارە | ڕێژە ٪ | دوبارە | ڕێژە ٪ |
| ٣ | ئەو زانیارییانەی لەسۆشیال میدیا بەرچاوم دەکەون، کاریگەریی لەسەر بڕیارم دروستدەکەن بۆ دەنگدان یان نەدان لەهەڵبژاردنە گشتیەکاندا | ٣٠ | ٨.٧٢٪ | ٦٢ | ١٨٪ | ١٣١ | ٣٨.٠٨ ٪ | ٥٠ | ١٤.٥٪ | ٧١ | ٢٠.٦٣٪ |
| ٤ | ئەو زانیارییانەی لەسۆشیال میدیا بەرچاوم دەکەون لەبارەی هەڵبژاردن، کاریگەریی لەسەر بڕیارم دروستدەکات و قەناعەتم پێدەکەن بۆ دەنگدان بە کەسێک یان لایەنێکی دیاریکراو | ٢٨ | ٨.١٣٪ | ٤٧ | ١٣.٦٦ ٪ | ١٠٧ | ٣١.١٪ | ٧٠ | ٢٠.٣٤ ٪ | ٩٢ | ٢٦.٧٤٪ |
| ٥ | پەیامی کاندیدەکانی هەڵبژاردنەکان و حزبە سیاسیەکان لەسۆشیال میدیا، لەڕووی ناوەرۆکەوە ئاستی بەرزو سەرنجڕاکێشە | ٢٣ | ٦.٦٨٪ | ٤٦ | ١٣.٣٧ ٪ | ١٠٨ | ٣١.٣٩ ٪ | ٦٩ | ٢٠.٠٥ ٪ | ٩٨ | ٢٨.٤٨٪ |
| ٦ | پەیامی کاندیدەکانی هەڵبژاردنەکان و حزبە سیاسیەکان لەسۆشیال میدیا، لەڕووی تەکنیکیەوە وەک دیزاین و مۆنتاژو دەرهێنان، کوالێتیی بەرزن | ٢٤ | ٦.٩٧٪ | ٧٧ | ٢٢.٣٨ ٪ | ١١٥ | ٣٣.٤٣ ٪ | ٦١ | ١٧.٧٣ ٪ | ٦٧ | ١٩.٤٧٪ |
| ٧ | سۆشیال میدیا باشترین و ئاسانترین ڕێگەیە بۆ ناساندنی کاندیدەکانی هەڵبژاردن بەجەماوەر | ٨٣ | ٢٤.١٢ ٪ | ٩٦ | ٢٧.٩٪ | ٩٠ | ٢٦.١٥ ٪ | ٣٨ | ١١.٠٤ ٪ | ٣٧ | ١٠.٧٥٪ |
| ٨ | متمانەم بەو قسەو بەڵێنانە هەیە کە کاندیدو لایەنە سیاسیەکان لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا لەسۆشیال میدیا بڵاوی دەکەنەوە | ٢١ | ٦.١٪ | ٣٣ | ٩.٥٩٪ | ١٠١ | ٢٩.٣٦ ٪ | ٤٨ | ١٣.٩٥ ٪ | ١٤١ | ٤٠.٩٨ |
| ٩ | کەمپەین و ریکلامەکانی هەڵبژاردن لە سۆشیال میدیا کارئاسانیم بۆدەکەن و یارمەتیدەرن تا دوودڵیەکانم بڕەوێنەوە بۆ دەنگدان یان دەنگنەدان | ٢٦ | ٧.٥٥٪ | ٥٥ | ١٥.٩٨ ٪ | ١١٢ | ٣٢.٥٥ ٪ | ٥٩ | ١٧.١٥ ٪ | ٩٢ | ٢٦.٧٤٪ |
| ١٠ | ئەو پەیامانەی لەسۆشیال میدیا بڵاودەکرێنەوە، وام لێدەکەن هەستبکەم هەڵبژاردنە گشتیەکان گۆڕانکاریی لەژیانم دەکەن بەرەو باشتر | ٣٠ | ٨.٧٢٪ | ٤٢ | ١٢.٢٪ | ١٠٢ | ٢٩.٦٥ ٪ | ٥٢ | ١٥.١١ ٪ | ١١٨ | ٣٤.٣٪ |

٤- سەبارەت بەو بۆچوونەش کە ئەو زانیارییانەی لەسۆشیال میدیا بەرچاوی بەشداربووان دەکەون لەبارەی هەڵبژاردن وەک لەخشتەی (٨) خراوەتەڕوو، کاریگەریی لەسەر بڕیاریان دروستدەکات و قەناعەتیان پێدەکەن بۆ دەنگدان بە کەسێک یان لایەنێکی دیاریکراو، زۆرینەی بەشداربووان بەڕێژەی زیاتر لە ٤٧٪ پێچەوانە بیردەکەنەوەو پێیانوایە لەمڕووەوە کاریگەریی دروستناکەن (لەگەڵیدا نین و زۆر لەگەڵیدا نین). لەپلەی دوای ئەوەش، ڕێژەی ٣١.١٪ی بەشداربووان بێلایەنییان هەڵبژاردووەو لەپلەی سێیەمیشدا بەڕێژەی کەمێک زیاتر لە ٢١٪، ئەوانە دێن کەپێیانوایە کاریگەری دروستدەکات لەسەر بڕیارەکانیان (لەگەڵیدان و زۆر لەگەڵیدان).

٥- زۆرینەی بەشداربووان لەگەڵ ئەوەدانین و زۆر لەگەڵ ئەوەدانین (نزیکەی ٤٨٪) کەپەیامی کاندیدەکانی هەڵبژاردنەکان و حزبە سیاسیەکان لەسۆشیال میدیا، لەڕووی ناوەرۆکەوە ئاستی بەرزو سەرنجڕاکێشە. تەنها ڕێژەیەکی کەم کەنزیکەی ٢٠٪ە، لەگەڵ ئەم بۆچوونەدان. ڕێژەی نزیکەی ٣١.٤٪ی بەشداربووانیش بێلایەنیان هەڵبژاردووە بەرامبەر بەم بۆچوونە (بڕوانە خشتەی ژمارە ٨).

٦- سەبارەت بەو بۆچوونەش کەپەیامی کاندیدەکانی هەڵبژاردنەکان و حزبە سیاسیەکان لەسۆشیال میدیا، لەڕووی تەکنیکیەوە وەک دیزاین و مۆنتاژو دەرهێنان، کوالێتی بەرزن، ئەوا بەهەمان شێوە زۆرینەی بەشداربووان زیاتر لەڕێژەی ٣٧٪ هاوڕانین (هەردوو پێوەری لەگەڵیدا نین و زۆر لەگەڵیدا نین) (بڕوانە خشتەی ژمارە ٨).


**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021**

٧- بڕگەی سۆشیال میدیا باشترین و ئاسانترین ڕێگەیە بۆ ناساندنی کاندیدەکانی هەڵبژاردن بەجەماوەر، گرنگیی ئەمجۆرە میدیایە بۆ ناساندنی کاندیدو لایەنەکان دەردەخات، چونکە زۆرینەی بەشداربووان لەم توێژینەوەیەدا بەڕێژەی کەمێک زیاتر لە ٥٢٪ هاوڕان چ لەگەڵیدان یان زۆر لەگەڵیدان (بڕوانە خشتەی ژمارە ٨).

٨- سەبارەت بەو بڕگەیەی کەبەشداربووان متمانەیان بەو قسەو بەڵێنانە هەیە کەکاندیدو لایەنە سیاسیەکان لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا لەسۆشیال میدیا بڵاویدەکەنەوە، زۆرینەیان بەڕێژەی نزیکەی ٥٥٪ هاوڕانین (هەردوو پێوەری لەگەڵیدا نین و زۆر لەگەڵیدا نین) (بڕوانە خشتەی ژمارە ٨).

٩- سەبارەت بەبڕگەی کەمپەین و ریکلامەکانی هەڵبژاردن لەسۆشیال میدیا کارئاسانی دەکەن و یارمەتیدەرن تا دوودڵییەکانی بەشداربووان بڕەوێنەوە بۆ دەنگدان یان دەنگنەدان، ڕێژەی زۆرینە (٤٣.٨٩٪) هاوڕانین (هەردوو پێوەری لەگەڵیدا نین و زۆر لەگەڵیدا نین) (بڕوانە خشتەی ٨).

١٠- وەک لەخشتەی ژمارە (٨)دا خراوەتەڕوو، زۆرینەی بەشداربووان بەڕێژەی (٤٩.٤٪) لەپلەی یەکەمدا هاوڕانین لەگەڵ ئەوەی ئەو پەیامانەی لەسۆشیال میدیا بڵاودەکرێنەوە، وایان لێدەکەن هەستبکەن هەڵبژاردنە گشتییەکان گۆڕانکاریی لەژیانیاندا دەکەن بەرەو باشتر.

## ١١- ڕادەیەی کاردانەوەو وەڵامی بەشداربووان بۆ پەیامەکانی هەڵبژاردنی نێو سۆشیال میدیا:

**خشتەی٩: کاردانەوە بەرامبەر بەپەیامەکانی هەڵبژاردن**

| | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| زۆر | ٢٤ | ٪٧ |
| کەم | ٦٩ | ٪٢٠.١ |
| زۆر کەم | ٨٠ | ٪٢٣.٣ |
| هیچ | ١٧١ | ٪٤٩.٧ |
| کۆ | ٣٤٤ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٩) تایبەتە بە کاردانەوەو وەڵامی بەشداربووانی توێژینەوە بەرامبەر بەپەیامەکانی هەڵبژاردن کەلەسۆشیال میدیادا بڵاودەکرێنەوە. بەگوێرەی ئەنجامەکان، لەپلەی یەکەمی ریزبەندیەکەدا، زۆرینەی بەشداربووان بەڕێژەی ٤٩.٧٪و ١٧١ دووبارەبوونەوە، هیچجۆرە کاردانەوەیەک یان وەڵامێکیان بۆ ئەوجۆرە پەیامانە نییەو ڕێژەی ٢٣.٣٪ش کە ٨٠ دووبارەبوونەوەیە، زۆرکەم کاردانەوەیان هەیە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە زۆرینە گوێ بەپەیامەکانی هەڵبژاردن نادەن و بەلایانەوە گرنگ نییە، بۆیە هیچ کاردانەوەیەکیشان بۆیان نییە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

### ١٢- بەشداریکردن لەو ڕاپرسیانەی لەسۆشیال میدیادا دەکرێن بۆ دەنگدان بە کاندیدێک یان لایەنێکی دیاریکراو

**خشتەی١٠: بەشداریکردن لەڕاپرسیەکانی سۆشیال میدیا بۆ دەنگدان بە کاندید یان لایەنێک**

| | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٠ | ٪١١.٦ |
| نەخێر | ٢٧٤ | ٪٧٩.٧ |
| نازانم | ٣٠ | ٪٨.٧ |
| کۆ | ٣٤٤ | ٪١٠٠ |

یەکێکیتر لەو بابەتانەی پەیوەستن بەهەڵبژاردنەکانەوە لەڕێگەی سۆشیال میدیاوە هەوڵدەدات سەرنجی هاووڵاتیان ڕابکێشێت ئەو ڕاپرسیانەیە کەبۆ دەنگدان بەکاندیدێک یان لایەنێکی دیاریکراو دروستدەکرێن. وەک لەخشتەی ژمارە (١٠) ڕوونکراوەتەوە، لەپلەی یەکەمی ڕیزبەندیدا، زۆرینەی هەرەزۆری بەشداربووان بەڕێژەی ٧٩.٧٪و ٢٧٤ جار دووبارەبوونەوە، هیچ بەشداریان لەوجۆرە ڕاپرسیانە نەکردووەو دەنگیان بەهیچ لایەن یان کاندیدێک نەداوە. ئەمە ڕەنگە لەپاڵ ئەوەی کەهەڵبژاردن بەلای زۆرینەی خوێندکارانەوە گرنگ نەبێت، لەهەمان کاتدا متمانەشیان بەو ڕاپرسیانەو ئەنجامەکانیشیان نییە.

### ١٣- ڕاستی و واقیعیبوونی ئەنجامی ئەو ڕاپرسییانەی لەسۆشیال میدیادا دەکرێن بۆ دەنگدان بە کاندیدێک یان لایەنێکی دیاریکراو

**خشتەی١١: ڕاستیی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و گونجانیان لەگەڵ واقیع**

| | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٦ | ٪٧.٦ |
| نەخێر | ٢٢١ | ٪٦٤.٢ |
| نازانم | ٩٧ | ٪٢٨.٢ |
| کۆ | ٣٤٤ | ٪١٠٠ |

وەک لەخشتەی ژمارە (١١)دا ڕوونکراوەتەوە، ڕێژەیەکی زۆر کەم، تەنها ٧.٦٪ بەدووبارەبوونەوەی تەنها ٢٦ کەس لەکۆی ٣٤٤ خوێندکاردا، پێیانوایە ئەو ڕاپرسیانەی لەسەر پلاتفۆرم و سایتەکانی سۆشیال میدیا ئەنجام دەدرێن تایبەت بەدەنگدان بەلایەن و کەسێکی دیاریکراو ڕاستن و ڕەنگدانەوەی واقیعن. زۆرینەی هەرە زۆری بەشداربووان، ٦٤.٢٪ی کۆی بەشداربووان بەدووبارەبوونەوەی ٢٢١ جار، پێیانوایە ئەو ڕاپرسیانە ڕاست نین و هەروەها ڕێژەیەکیش، ٢٨.٢٪ و ٩٧ جار دووبارەبوونەوە، دوودڵن لەڕاستی و دروستیی ئەو جۆرە ڕاپرسیانە بۆیە بەنازانم


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

وەڵامیان داوەتەوە. زانیاریەکانی سەر سۆشیاڵ میدیا لەلایەن بەکارهێنەرانیەوە زۆر متمانەپێکراو نین و زۆرجار ئەو ڕاپرسیانەش کەدروستدەکرێن لەسەر پلاتفۆرم و سایتەکانی سۆشیال میدیا، لەلایەن گرووپ و کەسانی لایەنی دیاریکراوو هاوبیرەکان بەبەرنامەو بەمەبەستی دیاریکراو بەکاردەهێنرێن و دەنگیان پێدەدرێت، بەمەبەستی گۆڕینی باڵانسی ڕاپرسیەکە بەلایەکدا کەلەبەرژەوەندیی ئەو گرووپ و هاوبیرانەدا بێت. لەبەرئەوەشە، زۆربەی بەرتوێژانی ئەم توێژینەوەیە پێیانوایە ئەنجامەکانی ئەو ڕاپرسیانە دروست نین و ڕەنگدانەوەی فاکتەکان و واقع نین.

## ١٤- کاریگەریی ڕاپرسیەکانی کە لەسۆشیال میدیادا دەکرێن بۆ دەنگدان بە کاندیدێک یان لایەنێکی دیاریکراو لەسەر ڕەفتاری دەنگدان

**خشتەی١٢: کاریگەریی ڕاپرسیەکانی سۆشیال میدیا لەسەر ڕەفتاری دەنگدان**

| | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| زۆر | ٣٩ | ٪١١.٣ |
| کەم | ١٠١ | ٪٢٩.٤ |
| هیچ | ٢٠٤ | ٪٥٩.٣ |
| کۆ | ٣٤٤ | ٪١٠٠ |

لەکاتێکدا، وەک لەهەردوو خشتەی پێشووتردا لەئەنجامەکاندا خراوەتەڕوو، بەشی هەرە زۆری بەرتوێژان پێیانوایە ئەنجامەکانی ڕاپرسیەکانی سەر سۆشیال میدیا ڕاست نین و ڕەنگدانەوەی واقیع نین و هەروەها دەنگیشیان نەداوە لەو ڕاپرسیانەدا، بۆیە ئاساییە ئەو ڕاپرسیانە هیچ کاریگەریەکیش دروستنەکەن لەسەر ڕەفتاری دەنگدانیان. بەگوێرەی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (١٢)، ڕاپرسیەکانی سۆشیال میدیای تایبەت بە دەنگدان بە کاندیدو لایەنەکانی هەڵبژاردن هیچ کاریگەریەکی لەسەر ڕەفتاری دەنگدانی زۆرینەی بەرتوێژان کە ٢٠٤ کەسن و ڕێژەی ٥٩.٣٪ی کۆی بەشداربووان پێکدەهێنن، نەکردووە. بەشێکیشیان پێیانوایە ڕاپرسیەکانی سۆشیال میدیا کاریگەریەکی کەمیان لەسەر ڕەفتاری دەنگدانیان هەبووە. واتا، بەشێوەیەکی گشتیی، ئەو ڕاپرسیانەی کەلەبارەی هەڵبژاردنەوە لەسەر سۆشیال میدیا دادەنرێن، کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری دەنگدەرانی خوێندکاران نییە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## ٣-٣ شیکردنەوەی پەیوەندیی Correlation Analysis

**خشتەی١٣: پەیوەندیی نێوان سۆشیال میدیاو ڕەفتاری دەنگدانی خوێندکارانی زانکۆکان**

**Correlations**

| | | | SM_Average | EB_Average |
|---|---|---|---|---|
| Spearman's rho | SM_Average | Correlation Coefficient | 1.000 | .737** |
| | | Sig. (2-tailed) | . | .000 |
| | | N | 344 | 344 |
| | EB_Average | Correlation Coefficient | .737** | 1.000 |
| | | Sig. (2-tailed) | .000 | . |
| | | N | 344 | 344 |

**. Correlation is significant at the 0.01 level (2-tailed).

وەک لە خشتەی ژمارە (١٣) تایبەت بە تێستی (Correlations) دەردەکەوێت، دەبینین پەیوەندیی نێوان هەردوو گۆڕاوەی توێژینەوەکە سۆشیال میدیا (S.M) و ڕەفتاری دەنگدەران (E.B)، پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی ئەرێنی بەرزە بە ڕێژەی ٠.٧٣٧ واتا ٧٣.٧٪ هەروەها ئەنجامی بەهای مۆرالی (P value) ئەوەمان پیشان دەدات، کە پەیوەندیی گۆڕاوەکان لەڕووی ئامارییەوە لەسەر ئاستی (٠.٠١) مانابەخشە (Significant)ە. ئەمەش گریمانەی توێژینەوەکەمان دەسەلمێنێت کە پەیوەندیی لەنێوان سۆشیال میدیا (S.M) و ڕەفتاری دەنگدەران (E.B)دا مانادار (بەهێز و گرنگە) چونکە ئەنجامی (P value < 0.01).

## دەرئەنجام:

دیارترین ئەو دەرئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکاندا پێیگەیشتووە، بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- پەیوەندیەکی ڕاستەوانەی ئەرێنی هەیە لەنێوان هەردوو گۆڕاوی توێژینەوە کەبریتین لەبەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا لەلایەن خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان و ڕەفتاری دەنگدانیان لەهەڵبژاردنە گشتیەکاندا.

٢- سۆشیال میدیا کاریگەریی هەیە لەسەر ڕەفتاری دەنگدانی خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەڕێژەیەکی کەم چ بۆ بەشدارییکردن لەپرۆسەی دەنگدان یان بۆ دەنگدان بەکاندیدێک یان لایەنێکی دیارییکراو،



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

سۆشیال میدیا کاریگەریی هەیە لەسەر بەشێکیان، بەڵام بەشێکیشیان کەزۆرینەن بڕیارو ڕەفتاریان ناگۆڕن لەسەر بنەمای بەرکەوتنیان لەگەڵ ئەو زانیاری و پەیامانەی لەسۆشیال میدیادا بڵاودەکرێنەوە.

٣- بەشێکی کەم بەڕێژەی ١١.٦٪ خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، کاردانەوەو وەڵامیان بۆ ئەو پەیامانە هەیە کە تایبەتن بەهەڵبژاردنەکان و لەسۆشیال میدیادا بڵاودەکرێنەوە.

٤- دیارترین ئەو هۆکارانەی وا دەکەن خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان نەچن بۆ دەنگدان و بەشداریی لەپڕۆسەکە نەکەن، یاخود کارتی دەنگدان بە بەتاڵیی بخەنە سندوقی دەنگدانەوە، ئەوەیە کەمتمانەیان بەبەڵێن و گفتی کاندیدو لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەکان نییەو ئەم هۆکارە بەڕێژەی ٦١٪ لەپێشەوەی هۆکارەکانی ترە، هەروەها ڕێژەیەکی زۆریش (زیاتر لە ٥٢٪) پێیانوایە دەنگدانیان سوودی نییە چونکە دواجار ئەنجامەکان لەڕێگەی ساختەکارییەوە دیاریدەکرێن.

٥- بەشداریکردن لەهەڵبژاردنی داهاتوودا ئەوەندە بابەتێکی چارەنووساز نییە لای سەرجەم خوێندکاران و ڕێژەی نزیکەی ٣٠٪ی بەشداربوان هێشتا بڕیاریان نەداوە دەنگبدەن و بەشێکی تریان (زیاتر لە ٢٨٪) پێشوەختە بڕیاریانداوە نەچن.

٦- زۆربەی خوێندکاران پێیانوانیە ئەو پەیامانەی لایەن و کاندیدەکانی نێو پڕۆسەی هەڵبژاردن لەڕێگەی سۆشیال میدیا بڵاویدەکەنەوە، چ لەڕووی ناوەڕۆک (زیاتر لە ٤٨٪)و یان لەڕووی تەکنیکیەوە (زیاتر لە ٣٧٪)، لاوازن و لەئاستێکی نزمدان.

٧- بەشێکی کەم لەخوێندکارانی زانکۆ متمانەیان بەو ڕاپرسییانە هەیە کەلەسۆشیال میدیادا دەکرێن بۆ دەنگدان بەلایەنێک یان کاندیدێکی دیارییکراو، زۆرینەیان متمانەیان پێ نییە، لەبەرئەوەشە بەگشتیی بەشداریی لەو ڕاپرسییانە ناکەن و ڕێژەی زیاتر لە ٦٤٪ پێیانوایە ڕاست نین و ڕەنگدانەوەی واقیع نین. ڕێژەی زیاتر لە ٥٩٪ی بەشداربوان ناکەونە ژێر کارییگەریەکانی ئەو ڕاپرسیانە لەبڕیارەکانیان تایبەت بەپڕۆسەی هەڵبژاردن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

# The Effects of Social Media on the University Students' Voting Behavior in General Elections in the Kurdistan Region

**Karwan Ali Qadir**
Public Relations and Marketing Department, College of Technical Administration, Sulaimani Polytechnic University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** karwan.ali@spu.edu.iq

## Abstract:

The main goal of this research is to know and display the extent in which social media sites and platforms affect the voting behavior of the university students in the Kurdistan region during general elections, either to participate in the election or to vote for a specific candidate or political party. It also explores how the students participate and interact with the electoral messages and information that are published on social media platforms. This research is a political communication study, which relies on the survey method utilizing questionnaire form as a tool for data collection from the participants. The questionnaire form was designed and implemented online through Google Form and was sent to the participants through Email, Messenger, Viber and Whatsup, to the university student in different universities in the Kurdistan region. As such, 344 persons of the sample have filled up the questionnaire form in one week from 10 to 16 August 2021. The results of the study were displayed in tables and were analyzed through descriptive method, in addition to the use of SPSS statistics software to find correlation between the two main variables of the study.

One of the most prominent results of this study was that only a small proportion of the participants (almost 27%) are influenced by social media to change their voting behavior such as deciding to vote or no, and voting for a specific candidate or political party. Another noticeable result was that the majority of the participants with almost (50%) do not trust the promises and speeches of the candidates and political parties that are published on social media platforms.

**Keywords:** Social Media, Political Participation,Voting, General Elections, Kurdistan Region.

## References:

Ahmad, Araz, & Hameed, Hakem. (2021) The Use of Social Media and its Effect on University Students' Academic Skills in Iraqi Kurdistan Region. *Journal of University of Raparin*, *8*(2), 149-167. https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_7

Ajibola, Akinade (2018) *The influence of social media on the voting behavior of the youth in South East Nigeria*, MA dissertation, University of Nigeria

Aslan, Avşar; Karakoç, Enderhan and Bekiroğlu, Onur (2021) The Effect of Social Media on Voter Behavior: The Sample of Kayseri Province, (Online), *REVISTA ARGENTINA* , (XXX)1, pp. 828-840, Available from: https://www.revistaclinicapsicologica.com/data-cms/articles/20210225011942pmSSCI-552.pdf, [Accessed: 18 August 2021]

Baran, S. J. (2010) *Introduction to Mass Communication: Media Literacy and Culture*, (6th ed). New York: McGraw Hill

Bennett, W. L., &Iyengar, S. (2008) A new era of minimal effects? The changing foundations of political communication, *Journal of Communication*, 58, 707–731.

Biswas, Aindrila; Ingle, Nikhil and Roy, Mousumi (2014) Influence of social media on voting behavior, *Journal of Power*, Politics & Governance, pp. 127-155

Cogburn, Derrick. L. and Vasquez, Fatıma, K. Espinoza (2011) From Networked Nominee to Networked Nation: Examining the Impact of Web 2.0 and Social Media on Political Participation and Civic Engagement in the 2008 Obama Campaign. *Journal of political marketing*, (10) 1-2, pp.189-213, Available from: https://papers.ssrn.com/sol3/papers.cfm?abstract_id=2854273, [Accessed: 18 August 2021]

Deth, Jan W. Van (2016) *What is political participation?* (Online), Oxford Research Encyclopedias, Available from: https://oxfordre.com/politics/view/10.1093/acrefore/9780190228637.001.0001/acrefore-9780190228637-e-68 , [Accessed: 20 August 2021]

Diamond, Larry & Plattner, Marc F. (2012) *Liberation technology: Social media and the struggle for democracy*. Baltimore: The Johns Hopkins University Press

Distaso, Marcia and Mccorkindale (2017) *The science of influence: How social media affects decision making in the healthcare, travel, retail, and financial industries,* (Online), Institute of public relations, Available from: https://instituteforpr.org/wp-content/uploads/Science-of-Influence-Report-1-1.pdf, [Accessed: 17 August 2021]

Douglas, Sara; Raine, Roxanne B.; Maruyama, Misa; Semaan, Bryan and Robertson, Scott P. (2015) Community matters: How young adults use Facebook to evaluate political candidates, *Information Polity*, vol. 20, no. 2-3, pp. 135-150.

Eulau, Heinz; Webb, Paul David and Gibbins, Roger (2020) Election, (Online), *Encyclopedia Britannica*, Available from: https://www.britannica.com/topic/election-political-science. [Accessed 21 August 2021]

Froehlich, Andrew (2020) *What's the difference between social media and social networking?* (Online), Available from: https://searchunifiedcommunications.techtarget.com/answer/Whats-the-difference-between-social-media-and-social-networking, [Accessed: 20 August 2021]

Fujiwara, Thomas; Muler, Karstan and Schwarz, Carlo (2021) *The effect of social media on elections: Evidence from the United States,* (Online), Available from: https://www.nber.org/papers/w28849, [Accessed: 12 August 2021]

Heblich, Stephan (2016) *The effect of the internet on voting behavior*, (Online), IZA World of Labor, Available from: https://www.econstor.eu/bitstream/10419/148519/1/iza-wol-294.pdf [Accessed: 13 August 2021]

Ibrahim, Jimoh Modibbo (2019) *Influence of social media on voter's behavior in the 2015 presidential election in Ilorin-Metropolis*, MA dissertation, Kwara State University

Ignant, Chanelle (2016) *How does social media shape our political views?* (Online), Available from: https://www.kqed.org/education/311498/how-does-social-media-shape-our-political-views, [Accessed: 10 August 2021]

JCR Publications Repository (2020) *Technology and Democracy: Understanding the influence of online technologies on political behaviour and decision-making,* (Online), Available from: https://publications.jrc.ec.europa.eu/repository/handle/JRC122023, [Accessed: 10 August 2021]

Kakashekh, Hardawan Mahmoud; Murad, Hersh Rasool; Ahmad, Araz Ramazan and Saud, Muhammad (2021) Effects of the Facebook Boycott Campaign on Turkish Products and its Influence on Demand of Kurdish Consumers 2020, *UKH Journal of social sciences*, *5*(1), 98-106. https://doi.org/https://doi.org/10.25079/ukhjss.v5n1y2021.pp98-106

Kamiloglu, Fatma and Erdogan, Emre (2014) Effects of social media on civil and political participation and a field of survey over on Facebook, (Online), *Online Journal of Communication and Media Technologies*, 4 (3), Available from: https://www.ojcmt.net/download/effects-of-social-media-on-civil-and-political-participation-and-a-field-of-survey-over-on-facebook.pdf, [Accessed: 1-4-2021]

Kasenally, Roukaya and Awatar, Dooshweena (2017) Social media, election and political engagement: the 2014 general election in Mauritius, *Journal of African Elections*, (16) 2, pp. 47-70.

Kwak, N.,Williams, A.,Wang, X., & Lee, H. (2005) Talking politics and engaging politics: An examination of the interactive relationships between structural features of political talk and discussion engagement. *Communication Research*, 32, 87-111.

Merkley, Lisi (2020) *How social media impacts political views*, (Online), Available from: https://universe.byu.edu/2020/08/06/social-media-use-impacts-political-views/, [Accessed: 9 August 2021]

Mutz, D. (2002). Cross-cutting social networks: Testing democratic theory in practice. *American Political Science Review*, 96(1), 111-126

Pew Research Center (2019) *Teens' Social Media Habits and Experiences,* (online), Available from: https://www.pewresearch.org/internet/2018/11/28/teens-and-their-experiences-on-social-media/, [Accessed: 9 August 2021]

Schleffer, Guy and Miller, Benjamin (2021) *The Political Effects of Social Media Platforms on Different Regime Types*, (Online), Texas National Security review, Available from: https://tnsr.org/2021/07/the-political-effects-of-social-media-platforms-on-different-regime-types/, [Accessed: 4 August 2021]

Schmidt, Eric and Cohen, Jared (2010) The Digital Disruption: Connectivity and the Diffusion of Power, (online), *Foreign Affairs*, Available from: https://www.foreignaffairs.com/articles/2010-10-16/digital-disruption, [Accessed: 5 August 2021]

Segado-Boj, Francisco and Diaz-Campo, Jesus (2020) Social media and its intersections with free speech, freedom of information and privacy: an analysis, *ICONO*, (18) 1, pp. 231-255.

Singer, Peter W. and Brooking, Emerson T. (2018) *Like war: the Weaponization of social media*, New York: Houghton Mifflin Harcourt Publishing Company

Smith, Tanner (2020) *Social media influences young people to vote*, (online), Mill Valley News, Available from: https://www.mvnews.org/how-social-media-is-influencing-people-to-vote/, [Accessed: 4 August 2021]

Trippi, Joe (2012) *How Technology Has Restored the Soul of Politics*, (Online), Technology Review, Available from: https://www.technologyreview.com/2012/12/18/84609/how-technology-has-restored-the-soul-of-politics/, [Accessed: 18 August 2021]

Uhlaner, Carole Jean (2015) political participation, In: Wright, James D. (ed.) *International Encyclopedia of the Social & Behavioral Sciences*, (2nd ed.), NC, USA: Elsvier, pp. 504-508

Zhuravskaya, Ekaterina; Petrova, Maria and Enikolopov , Ruben (2020) Political effects of the internet and social media, *Annual Reviews,* (12), pp. 415-438. Available from: https://www.annualreviews.org/doi/pdf/10.1146/annurev-economics-081919-050239, [Accessed: 17 August 2021]



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021**

كاروان علي قادر، هيرش رسول مراد و احمد حةمة غريب (٢٠٢٠) استخدامات منصات التواصل الاجتماعي من قبل مواطنيي اقليم كوردستان العراق في زمن وباء كورونا المستجد (Covid-19)، *مجلة الدراسات السياسية والامنية*، (٣) ٥، ص: ٧٩-١٠٦

ريَبةر طؤران و يحيي عمر ريشاوي (٢٠٢١) دور وسائل الاتصال الحديثة في نشر التوعية الصحية الأمنية "شبكات التواصل الاجتماعي و (Covid-19) نموذجا"، *مجلة دراسات أمنية و استراتيجية*، (٣)، متوفر على الرابط: https://portal.moi.gov.qa/securitystudies/post.html?eid=4&cid=4&pid=45، تأريخ الولوج: ٣-٧-٢٠٢١